




# کەشتی حیزب لە نێوگەردەلوولی ڕووداوەکانی

# کۆتایی دەیەی هەشتاو سەرەتای دەیەی کۆتایی قەڕنی بیستەم دا!،

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# کەشتی حیزب لە نێوگەردەلوولی ڕووداوەکانی کۆتایی دەیەی هەشتاو سەرەتای دەیەی کۆتایی قەڕنی بیستەم دا!



**برایم لاجانی**

ئاوڕێک بۆسەر تێکۆشانی حیزب لە دەورەی ڕێبەرایەتیی شەهید دوکتۆر شەرەفکەندی دا(١٤ی ژوئیەی ١٩٨٩ - ١٧ی سیپتامبری ١٩٩٢)

لەمێژوودا جاری وایە ساڵێک بەقەدەر سەدەیەک بایەخ و گرنگی هەیە. پێم وایە ئەو دووساڵ و چەند مانگەی نێوان ژوئیەی ١٩٨٩ و سێپتامبری ١٩٩٢ش لە مێژووی حیزبی ئێمەدا بایەخێکی گرنگ و مێژوویی تایبەت بەخۆی هەیە کە پێویستە نەوەی نوێی کوردستان باشتر لێی ئاگاداربن.

ئەو قۆناخە لە مێژووی حیزب و بزووتنەوەکەماندا، چ لە ئاستی حیزب و چ لە ئاستی ئێران و چ لە ئاستی ناوچە و تەنانەت دونیاشدا، دەروانێکی پڕ کارەسات و ئاڵوگۆڕ بوو. هەموو ئەو ئاڵووگۆڕانەش شوێنەوار و کاریگەریی ڕاستەوخۆ و

ناڕاستەوخۆیان لەسەر خەبات و تێکۆشان و چالاکیەکانی حیزب هەبوو. هەر بۆیە ئەو قۆناخە بە قۆناخێکی گرنگ لە مێژووی حیزب دا دادەنرێ. ئەوکات دەورانی گێژەڵوکە و بوومەلەرزە سیاسی بوو. بۆ وەلام دانەوە بە ڕووداوەکان و دیاریکردنی ڕێگاو سەردەرکرن و دەربازبوون و مانەوە، حیزب دەبواتە لەنێوخۆیدا، لە ئاستی ئێران و کوردستانی ئێراندا، لە ئاستی کوردستانی عێراق و تەنانەت دونیاشدا ئاڵووگۆڕ و هەڵوێست و بەخۆداچوونەوە و خۆڕێکخستنەوەی هەبوایە. دەبوایە سەرلەنوێ خۆی ڕێکخستبایەوە، خۆی بەیان کردبایەوە، جارێکی دیکە ڕاماباو بیری کردباوە و سەرلەنوێ ڕوانگەکانی خۆی لە پێوەندی دەگەڵ کێشە و مەسەلە جۆراوجۆرەکاندا دەسنیشان کردبانەوە.

لە ئاستی دونیادا تازە بەرەبەرە شەڕی سارد کۆتایی دەهات. سۆسیالیزمی مەوجود لەبنبەستی تەواو دابوو و هەناسەی لێبڕابوو. لەئاستی نێونەتەوەیی دا بۆیەم جار پاش شەری دووهەمی جیهانی وەزعێک پێکهاتبوو، کە ڕێکخراوی نەتەوە یەک گرتووەکان دەیتوانی بە شێوەیەکی کاریگەر ئازادی کردەوەی هەبێ.ئەوەش لەبەر ئەوەبوو کە لەوبارەوە ڕووسیەو ئەمریکا بۆیەکمجار بوو پاش شەڕی دووهەمی جیهانی لە سەر ئاستی نێونەتەوەیی دا پێکەوە هاوکاریان دەکرد.

بەبنبەست گەیشتینی سۆسیالیزمی مەوجوود و شکانی ئەو ئەزموونە، بووبەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی سیاسی و ئیدەئۆلۆژی و ڕێکخراوەیی لە نێو حیزب و ڕێکخراوە چەپ و سۆسیالیستیەکانی ئێران و کوردستان و جیهاندا. حیزبیش کە حیزبێکی میللی و دێموکراتیک بوو و لەبەرنامەکەی دا سۆسیالیزم وەک ئامانجی دوارۆژ دیاری کرابوو، کەوتە ژێر شوێنەواری ئەو قەیرانە و دەبوایە جارێکی دیکە لەوبارەوە خۆی ساخ کاتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، لە ئاکامی لەبەر یەک هەڵوەشانی وڵاتانی سۆسیالیسی، وەک یەکیەتی سۆڤیەت، یۆگۆسلاڤیا،چیک وسلۆڤاکیا و هتد و هەروەها بەهۆی ڕووخانی حکوومەتە سەرەڕۆ و دیکتاتۆریەکان لەو وڵاتانەدا و لە زۆر ناوچەی دیکەی دونیادا، دێموکراسی لەحاڵی گەشەو پەرەسەندنێکی بێ وێنەدا بوو. تەنانەت باس لەوە دەکرا کە سەرەتایی کۆتایی مێژوو دەستی پێکردوە و دێموکراسی و لیبرالیزم ئیدی چارەنووسی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگا ئینسانیەکانن.(فوکۆیاما). میللەتانی ژێر دەستەڵاتی سۆڤییەت یەک بەدوای یەکدا ئازادی خۆیانیان وەدەست دەهێنایەوە. گەلانی بن دەست لەو وڵاتانەداو و بە کەڵک وەرگرتن لەو وزعە لە هەموو دونیادا، داوی ئازادی و مافی نەتەوایەتی و حەقی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانیان دەکرد.

مەسەلەی نەتەوایەتی جارێکی دیکە زەقبووبووەوە و کەوتە سەر زاروزمانان. ئەو مەسەلەیە لە شورای ئوروپا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کەوتە نێو ئەجێندای کاری سیاسی و پاشان بوو بە یەکێک لە مەسەلە گەرمەکانی دونیا. لەهەموو دونیادا گەلانی چەوساوە و ژێرچەپۆکە دەنگی هاوار و ناڕەزایەتی خۆیانیان بەرزکردەوە و دەرفەتێکی لەبار بۆ هەناسەکێشانی بزووتنەوە ئازادیخوازیە میللی و نیشتیتمانیەکان پێکهات.



سەرچاوە
Serchawe

هەر ئەو دەورەیە دەورەی سەرهەڵدان و وەڕیکەوتنی ئەو قۆناخەشە کە ئێستا پێی دەوترێ گڵۆباڵیزاسیۆن، واتە بە جیهانی بوون، کرانەوەی سنوورەکان، هاتووچۆی ئاسانی کاڵاو و هیزی کار و سەرمایەو زانیاری و تکنۆلۆژی، خێرابوونی هاتووچۆ و کەمبوونەوەی مەسافەت و بەجیهانی بازاڕ.

پرۆسەیەکی دیکەش هەر لەو دەورەیەدا دەستی پێکرد کە پێی دەوترا پرۆسەی ئاشتی. لە سەرتاسەری ئاسیاو ئەفریقا و ئوسلۆ مۆرکرا. بەهۆی گرنگی و بایەخی سیاسیی ئەو وتوێژانە یاسر عەرەفات و شەمعون ئەمریکای لاتیندا، بەرەبەرە ئاشتی جێگای شەڕی دەگرتەوە. لە هەموو ئەو شوێنانەدا کە دەیان ساڵ بوو خەڵک بەدەست شەڕ و کێشە و ململانێ چەکدارییەکانەوە گیرۆدەبوون، بەربەرە بە ئیبتیکاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وتوێژ و دیالۆگ بۆ چارسەری کێشەکان دەستی پێکردبوو. ئەوە یەکێک لە ئاکامەکانی کۆتایی هاتنی شەڕی سارد و ململانێی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوابوو.

لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا ئاڵوگۆڕی گەورە خەریک بوو پێک دەهاتن. فەلەستین و ئیسرائیل لە حاڵی دیالۆگ و وتوێژدابوون کە پاش ساڵێک لەئاکامی ئەو وتووێژانەدا ڕێککەوتنامەی ئۆسلۆ مۆرکرا و عەرەفات و شەمعون پرێز خەڵاتی ئاشتی نۆبڵیان وەرگرت.

لەلایەکی دیکەشەوە شەڕی ئێران و عێڕاق ڕاستە ڕاگیرابوو، بەڵام هێشتا ئەو دوو وڵاتە لەسەر هیچ کام لە گێرەوکێشەکانی نێوانیان ڕێکنەکەوتبوون. تەنیا بڕیارنامەی ٥٩٨ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان قبووڵ کرابوو. بەڵام ئاکامەکانی کۆتایی ئەو شەڕە لە کورد بەگشتی و حیزبی ئێمەو چۆنیەتی هەڵسوڕانی سیاسی ئێمە هێشتا بەروونی دەرنەکوتبوون یا دەتوانین بڵێین پێشبینی نەدەکران. یا بۆ حیزب زۆر روون نەبوون. بنکەکانی ئێمە لە شاخە سەخت و ستراتیژیەکانی ناوچە سنوورییەکانی نێوان کوردستانی ئێران و عێڕاق جێگیربوون، ناوچەیەک کە بە درێژایی مێژوو هیچ کات داگیرکەرانی کوردستان نەیانتوانیوە دەستەڵاتی خۆیانی بەسەردا بسەپێنن و هەمیشە لەدەست کودا بووە. هەروەها چالاکی و جموجۆڵی سیاسی و تەشکیلاتی و پێشمەگانەشمانەش هەروەک جاران تا ڕادەیەکی زۆر دەچووەپێش.

لەجەرگەی ئەو ئاڵووگۆڕانەدابوو کە عێراق پەلاماری کویتی دا. ئەوەش بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی دووهەمی خەلیج. شەڕێک کە بە ڕێبەرایەتی ئەمریکاو هێزەهاوپەیمانەکانی و بە ڕەزامەندی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئازادکردنی کوەیت لە ٢ی ئۆگەستی ١٩٩٠ دەستی پێکرد و تا ٢٨ی فێبریوەری ١٩٩١ درێژەی کێشا. لە ژێر فشار و پاڵەپەستۆی نیزامی و سیاسی دا پاش ماوەیەکی زوو عێراق ناچار بوو بکشێتەوە.ئەو کشانەوەیە بووە سەرەتای شکەستێکی سیاسی و نیزامی گەورە بۆ عێڕاق. لە ئامی هەلومەرجی تازەدا، دەوڵەتی عێراق تاڕادەیەکی زۆر دەستەڵات و توانای کۆنترۆڵکردنی وڵاتی لەدەستدا یا ئیدی

نەیدەتوانی وەک ڕابردوو دەستەڵاتی خۆی بسەپێنێ. بەوجۆرە شۆڕشی شیعەکان کە زۆرایەتی حەشیمەتی عێراقیان لە ناوەڕاست و باشووری ئەو وڵاتە پێکدەهێنا دەستی پێکرد، لە کوردستانیش ڕاپەرینی جەماوەری و نارەزایەتی پەرەیان ئەستاند. لە ئاکام دا جەیشی عێراقی پەلاماری باشوور و کوردستانی داو وەک هەمیشە دەستی دایە سەرکوتی خەڵکی ڕاپەڕیوو.

بەوجۆرە لە ئاکامی هێرش و پەلاماری سوپای عێراق بۆ کوردستان کۆڕەوە مێژووییەکەی کوردەکان دەستی پێکرد و بووە سەرەتای قۆناخێکی تازە لە مێژووی بزووتنەوەی کورد لەو بەشەی کوردستاندا. لەئامی فشاری بیروڕای گشتی دا، ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ناوچەی دژە فرینی لە شیمالی مەداری ٣٦ ڕاگەیاند. بەگوێرەی ئەو بڕیارە سوپای عێراق ئیدی نەیدەتوانی بەکەیفی خۆی سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگی خۆی لە کوردستان وەک پێشوو بەڕێوەبەرێ.

هەموو ئەوانە هەلومەجێکی تازەیان خوڵقاند بوو کە شوێنەوارێکی ڕاستەوخۆی لەسەر وەزعی کوردەکان لە کوردستانی عێراق و تەنانەت وەزعی ئێمەو خەبات و تێکۆشانی ئێمەش دادەنا. بەو جۆرە وەزعێکی تەواو تازە و هاتبووە پێش.

حیزب دەبوایە پێوەندیەکانی خۆی دەگەڵ بەرەی کوردستانی، پارتی ویەکیەتی و تەنانەت دەوڵەتی عێراقیش سەرلەنوێ بخاتەوە بە لێکدانەوە و پێداچوونەوە و دارشتنەوە و تەنزیم کردنەوە. لەلایەکی دیکەشەوە دەبوایە سەبارەت بە چۆنیەتی چالاکی هێزی پێشمەرگەو کاری سیاسی و تەشکیلاتی و مەوقعیەتی بنکەو بارەگاکانمان لەناوچە سنووریەکان پێداچوونەوە بکەین و ئارایشی تازە بەخۆوە بگرین. هەموو ئەوانە کارێکی حەکیمانەبوون و پێویستیان بە سیاسەت و تاکتیک و یاریەکی هۆشمەندانە هەبوو.

لە کوردستان ئێران ڕێژیم دەرفەتی مانۆڕدانی زۆرتری لەباری سیاسی و نیزامیەوە بۆ خوڵقابوو. دەیەویست ئەو فەزا پڕ لەسەرکوت و خەفەقانە کە لەباری سیاسی و نیزامیەوە سەپاندبووی هێندەی دیکەش تووند بکات. بەوجۆرە ئەرکێ هەرە گرنگی حیزب لەو دەورەیەدا ئەوەبوو کە ورەو ڕووحیەی خەبات و بەربەرەکانی و خۆڕاگری لە نێو خەڵک دا ڕاگرێ و پەرەی پێبدا. چاو و ڕاوی ڕێژیم و تەبلیغاتی دەزگا سیاسی و نیزامیەکانی حکوومەت پووچەڵ کاتەوە و تا ئەو جێگای ئیمکانی هەیە چالاکی و هەڵسووڕانی پێشمەرگەو تیمە تەشکیلاتیەکانی کۆمیتەکانی حیزب بە جۆرێک درێژەی هەبێت.

ئێمە هەوڵمان ئەوەبوو نیشان بدەین کە شەڕی کوردستان شەڕێکی سەربەخۆیەو تەنانەت پاش ڕاوەستانی شەڕی ئێران و عێراقیش و تا وەدیهاتی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان هەر درێژەی دەبێت.



سەرچاوە Serchawe

لەلایەکی دیکەشەوە دوو کێشەمان هەبوون کە دەبوایە بۆ چارەسەرکردنیان هەنگاو هەڵگرین. شەڕی ئێمە یانی حیزب دەگەڵ کۆمەڵە و شەڕی ئێمە دەگەڵ ئەو بەشە لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب کە لە کۆنگرەی هەشت جیابوونەوە و لە ژێرناوی "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - رێبەرایەتی شۆڕشگێر" خەباتی خۆیان دەبردە پێش.

لە ئاستی ئێرانیشدا ئاڵووگۆڕی گەورە خەریک بوو پێک دەهاتن. ڕاوەستانی شەڕی ئێران و عێراق و ئاکامەکانی لەباری سیاسی و ئابووری و نیزامی و کۆمەڵایەتیەوە، مردنی خومەینی و ئاکامەکانی لەسەر کۆماری ئیسلامی، گۆڕان لەسیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دا، ململانێی موحافەزەکارەکان و ئوسوڵگەراکان، دەورانی جووتسالاری خامەنەیی و ڕەفسەنجانی، بەرنامەی ئاوەدانکردنەوە و بازسازی وڵات و وێرانیەکانی شەڕ، دەست پێکردنی دەورانی سازکە و بفرۆشەی ڕەفسەنجانی و کردنەوەی دەرگای بازاڕی ئێران بە ڕووی دونیادا، فرۆشی بە لێشاوی نەوت و هەڵڕژانی دۆلارە نەوتیەکان بۆ نێو کیسەی دارودەستە جیاجیاکانی سەربەدەستەڵاتی ئاخووندی، ئاسایی کردنەوەی پێوەندیە سیاسی و ئابووری و بازرگانیەکانی ئێران دەگەڵ وڵاتانی ناوچەو دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامیەکان و ئاسایی کردنەوەی پێوەندیە سیاسی و دیپلۆماسی و بازرگانیەکان دەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا جگە لە ئەمریکا. پەیڕەوکردنی مۆدێلی چینی بۆ گەشەی ئابووری. یانی کرانەوەی ئابووری بەڕووی دونیادا، بەڵام لە ژێر مودیریەتێکی تەکحیزبی و دیکتاتۆریانەو سەرەڕۆیانەدا.

ئاکامەکانی ئەو وەزعە تازەیە لەسەر وەزعی نێوخۆی ئێران و خەڵک و ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان، ڕێژیم لە ڕێگای فرۆشی نەوت و قەرزی خاریجیەوە توانی ١٥٠ ملیارد دۆلار بێنێتە نێو بازار. ئورووپا لە لایەک تینووی نەوتی هەرزانی ئێران و لە لایەکی دیکەش تەماعی کردبووە بازاڕی ئێران بۆ فرۆشی کالا سەنعەتیەکانی خۆی.چڵە پۆپەی ریەڵ پۆلتیک و ماکیاولیزمی سیاسی لێرەدا خۆی نیشاندا. قازانجە ئابووری و بازرگانیەکان بەری چاوی دەوڵەتە ئوورووپاییەکانی گرتبوو، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و سەرکوت و زەبروزەنگی سیاسی و خەفەقان کەلەلایەن رێژیمەوە بە تووندی بەڕێوە دەچوون، بۆ ئوورووپا هیچ بایەخێکیان نەبوو. بەو جۆرە بازاڕ و ڕووحانیەت یەکیان گرت، خامەنەیی و ڕەفسەنجانی دەستیان وێکدا، ڕێژیم تەنیا داوای ڕاگرتنی زاهیری ئیسلامی دەکرد و هیچی تر. بەوجۆرە دەورەیەک دەستی پێکرد کە بە دەورانی سەرکوت و زەبروزەنگی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆ و پەرەسەندنی تیرۆر لە دەرەوە دەناسرێتەوە.

وەزعی تێکۆشان و بردنەپێشی خەبات لە نێوخۆ و دەرەوە زۆر سەخت و دژواربوو. لە نیوخۆ و دەرەوە و تەنانەت لە کوردستانیش کەف و کوڵی خەبات بەرەو لاوازی و تەنانەت دامرکان دەرۆیشت. لە نێوخۆی ئێران و کوردستانیش و تەنانەت لە دەرێش زۆرتر خەڵک پەنایان بۆ کاری فەرهەنگی و ژێرزەمینی دەبرد. وەک باسمان کرد چەپی ئێران لە نێو قەیرانی سیاسی و تەشکیلاتی و ئیدەئۆلۆژیدا خەریکی لینگە فرتێ بوو. حیزبی توودە لەباری تەشکیلاتیەوە ئاداری بەسەر پاداریەوە نەمابوو، لەباری سیاسیەوە تەواو بێ ئیعتیبار بووبوو و لەباری فکریشەوە ژێرپێی هەڵتەکابوو. فیداییەکان سەرگەردان



سەرچاوە
Serchawe

بوون، لەباری فکری و تەشکیلاتیەوە گیرۆدەی فیرقەگەرایی و سێکتاریزمی سیاسی و ئیدەئۆلۆژیک بوون کە تەنانەت نەیان دەتوانی ڕیگای خۆشیان بۆ مانەوە و نقوم نەبوون دەستنیشان کەن. موجاهیدین تاسابوون، تووشی زەبری قورسی نیزامی ببووبوون، کەوتبوونە بنبەستی سیاسی، لەباری سیاسییەوە پاش ڕاوەستانی شەڕی ئێران و عێراق تا ڕادەیەکی زۆر بێ دەرەتان دەهاتنە بەرچاو. سەڵتەنەتخوازەکان لاواز و بێ ئومێد بوون، ئەوان پێیان وابوو لە ئاکامی شەڕی ئێران و عێراقدا ڕێژیم دەروخێ و دەچنەوە سەر مەقام و پۆست و ملک و ماڵی جارانی خۆیان، کەچی ڕاوەستانی شەڕ ئەو ئومێدەی لێستاندن و لەباری سیاسی و تەشکیلاتیشەوە هێندەی دیکەش پەڕش و بڵاو بوون. تەنانەت ئۆمێدیان بە ڕۆژاوا ئەمریکاش لەدەست دا.

جەبهەی میللی و جمهوری خوازەکان و میللیگەراکانیش بەشێکیان پێیان وابوو کە دەکرێ ڕێژیم لەنێوخۆدا ئاڵووگۆڕی بەسەردا بێت. بەشێکیان نیەتی هاوکاریان دەگەڵ ڕێژیم هەبوو، بەشێکیشیان حەیران و مات بوو بوون و دەستیان بەخۆیان دا بەردا بۆوە. بەشێک لەوان چوونەپێشی وەزعی کوردستانی عێراق، دامەزرانی پارلەمانی کوردستان و پێکهاتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆقاندنی، ئیدی مەسەلەی دابەشبوونی ئێران بوو بە خەمی گەورەیان تا مەسەلەی خەبات دەگەڵ کۆماری ئیسلامی. خەمی گەورەیان بریتیبوو لە باڵکانیزەبوونی ئێران. بەو جۆرە حیزب بزووتنەوەی کورد ئەگەر لەلایەک دەبوایە وەک هەمیشە لەبەرانبەر سەرکوتی کۆماری ئیسلامی دا ڕاوەستێ، لەلایەکی دیکەشەوە دەبوایە لەباری فکری تیئوریکیشەوە لەبەرانبەر ئەو شەپۆلەتازەی ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا کە ڕووی هێرشەکەی لە کورد و کوردستان بوو ئاڵای بەربەرەکانی بەرزکاتەوە.

لە ئاستی حیزبی دێموکراتیش دا ئاڵووگۆڕی گەورە لە ئارا دابوون. پاش شەهیدبوونی شەهید دوکتور قاسملوو، لەڕاستی دا پاش کۆنگرەی سێهیەمی حیزب یەکەم جاربوو حیزب سکرتێری خۆی دەگۆڕی. شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو ئاسەواری زۆری سیاسی و تەشکیلاتی لەسەر وەزعی نێوخۆی حیزب و دەرەوەی حیزب و تەنانەت لەسەر بزووتنەوەی کوردستانیش هەبوون. لەلایەکی دیکەوە جم و جۆڵ و تێکۆشانی حیزب دەبوایە سەرلەنوێ ڕێکبخرێتەوە، هەر لەوسەروبەندەدا دەوڵەتی عێراق بۆ ئیمتیازدان بە ئێران پەیتاپەیتا فشاری دەخستە سەر حیزب کە ناوچە سنووریەکان چۆڵکات. لەلایەکی دیکەشەوە داوای ئەوەبوو کە جموجۆڵی پێشمەرگە لەو ناوچە سنوورایانەوە بۆ ناوخۆی وڵات ڕاگیرێ. شایانی باسە هەر لەوسەروبەندەدەش دابوو کە بەو بۆشایی دەستەڵاتەی کە پاش کشانەوەی دەزگاکانی حکومەتی عێراق لە ناوچەکەدا هاتبووە پێش، ڕایەڵکەکانی تیرۆرو و ڕەشەکوژی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی عێراق زۆر چالاک و بڵاوببونەوە. ئەو مەسەلانە پێوەندیەکانی حیزبیان دەگەڵ دەوڵەتی عێراق و هێزەسیاسیەکانی کوردستانی عێراق، تووشی گیروگرفت کردبوو. ئەو ئەرکانەی لەو بارەوە فەوری بوون وەک باسمان کرد بریتی بوون لە ڕاگرتنی پێوەندیەکانمان دەگەڵ عێراق، چارەسەری کێشەو ناکۆکیەکانمان دەگەڵ کۆمەڵە و ڕێبەرایەتی، پتەوکردنی پێوەنیەکانمان دەگەڵ هێزە سیاسەکانی کوردستانی عێراق.



سەرچاوە
Serchawe

سازماندانەوەی ڕێبەرایەتی حیزب و کادری ڕێبەریی کۆمیتەو تەشکیلاتەکانمان و ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەو درێژەدان بەکار و خەبات و سووربوون لەسەر بردنەپێشی تێکۆشان. زاڵبوون بەسەر کێشەو موشیکلاتەکانی نێو حیزبدا، هەروەها پێوەندی درووستکردنەوە دەگەڵ دۆستە ڕۆژئاواییەکانی حیزب و بزووتنەوەی کورد.

## بۆ وەڵام دانەوە بەو وەزعە حیزب و ڕێبەریی حیزب دەبوایە چ بکات؟ دەبوایە چ هەڵوێست و کاروکردەوە و ڕەفتارێک لەخۆی نیشان بدات؟

### حیزبی دێموکرات

شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو شوێنەوارێکی زۆری لەسەر حیزب هەبوو، ئاخر دوکتۆر قاسملوو کەسایەتیەکی سیاسی و تەشکیلاتی گەورەو ڕێبەرێکی کاریزماتیک بوو، هەربۆیە پڕکردنەوەی جێگای ئەو بەڕاستی لە نێوخۆی حیزب و ڕیبەری حیزبدا کارێکی سەخت و دژواربوو.بەوحاڵەش حیزب لەیەکەمین پلۆنۆمی کۆمیتەی ناوەندی پاش شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو دا، نزیکەی بە تێکرای دەنگ دوکتۆر سەعیدی وەک سکرتێری حیزب هەڵبژارد. کاک سەعید ساڵانێکی زۆر بوو لە ڕێبەرایەتی حیزب دا کار و بەرپرسایەتی بەڕێوە دەبرد. هەمیشە یەکێک لە دارێژەرەکانی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب بوو،بەڵام لە ژێر سێبەری دوکتۆر قاسملوودا توانایی و لێوەشاوەییەکانی زۆرر دەرنەدەکەوتن. هەر بۆیە زوو سوکانی ڕێبەرایەتی حیزبی گرتەدەست. دوای بڵاو بوونەوەی هەواڵی هەڵبژێرانی کاک سەعید بەسکرتێر لە وتارەێکی سیاسی دا پاش بڵاوبوونەوەی خەبەرەکە لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لە تەفسیرێکی سیاسیدا بایەخ و گرنگی ئەو کارەبەوەختەم هەڵسەنگاند و لەوپێوەندیەدا سڵاوم نارد بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزب سەبارەت بەو هەڵوێستە شۆڕشگێرانەو ئەو یەک دەنگیە سیاسیە. ئاخر لەو پێوەندیەدا لەنێوخۆی حیزبدا هیچ گیروگرفتێکام نەبوو. لە بیرمە کاک سەعید پاش هەڵبژێرانی گوتی: سوپاستان دەکەم کە دەنگی متمانەتان پێدام، دانیشتن لە جێگای پێشەواو و دوکتۆر قاسملوو شانازیە بۆمن، بەڵام لەبیرتان بێت بەهۆی گۆڕان لە هاوکێشە سیاسیەکانی ناوچەدا، من لە هەلومەرجێکدا مەسئولیەتی حیزب وەئەستۆ دەگرم کە ئاستی تێکۆشانی حیزب ڕەنگە بەرەو خوارەو بڕوا، ئەوە لە مێژوودا ڕەنگە بەسەرم دا بشکێتەوە، بەڵام چوونکە حیزب و ئەوقۆناخەی خەبات ئەو ئەرکەی خستۆستە سەرشانم، بە هەموو توانا و تەعەهودە و بە پشتیوانی ئێوە شانی وەبەردەم. دیارە لە کاتی قسەکردن لەسەر شەهیدبوونی کاک دوکتۆریش لە وتارەکەی دا گوتی ئێمە ئەوڕێگایە بەرنادەین یا سەردەکەوین یا دێینە کەنار تۆ و شانازی شەهیدبوون لە ڕێگای کوردستانماندا پێدەبرەێ.

دەبێ بگوترێ کە شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو بووە هۆی ئەوەی لەسەرتاسەری کوردستان و ئێران و تەنانەت دونیاشەوە، شەپۆلێکی گەورەی هاودەردی و پشتیوانی و هاوپێوەندیی ڕوو لە حیزب بکات. ئەوە ئەو دەم و لەو هەلومەرجدا،

شوێنەوارێکی سیاسی و تەشکیلاتی و مەعنەوی و ئەخلاقی زۆری لەسەر هەموو تێکۆشەرانی حیزب دانا و کارێکی کرد کە حیزب و تێکۆشەرانی حیزب بتوانن خۆیان لەژێرباری ئەو کارەساتە خەمهێنەرەدا ڕاگرن. لەلایەکی دیکەشەوە وەحدەتی زیاتری سیاسی و تەشکیلاتی نێوخۆی حیزبی پتەوترکرد و کێشەنێوخۆییەکانی تا ڕادەیەکی زۆر خەواندن. دیارە زۆری نەکیشا سەرلەنوێ بەجۆرێکی دیکە خۆیان نیشان دایەوە. حیزب و ڕێبەری حیزب لەوبارەوە زوو هەموو ئەو ئیقداماتانەیان بەڕێوەبردن کە دەبوایە بەڕیوببردرێن و پێویست بوون. وەک سازماندانەوەی حیزب، دابەشکردنی کار و بەرپرسایەتیەکان، وەک باسم کرد هەڵبژاردنی سکرتێر و جێگری سکرتێر و ئەندامێکی تازە بۆ دەفتەری سایسی،کە بریتی بوو لە شەهید کاک سەلامی عەزیزی، ڕێکخستنەوەی هێزو کۆمیتەشارستان و تەشکیلاتەکان لە نێوخۆی وڵات.

ساخبوونەوە لەسەر ئیدامەکاری و درێژەدان بە چالاکی سیاسی و پێشمەرگانە ، کاری دیپلۆماسی و ڕاگەیاندن.

دڵنیاکردنەوەی خەڵکی کوردستان لەوە کە پاش شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملووش خەباتی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کوردستان هەروا دەڕۆنە پێش و ئاڵای ئەو خەباتە هەر بە شەکاوەیی دەمێنێتەوە.

دامەزراندنی کۆمیتەی ئەمنیەت بۆ پاراستینی حیزب و تێکۆشەرانی حیزب لەبەرانبەر پیلان و نەخشەگڵاوەکانی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم دا، پێکهێنانی کۆمیتەی ئامووزش و پەروەردە بۆ تەربیەتی کادری سیاسی و تەشکیلاتی و تێکۆشەرانی حیزب تابتوانن لە هەموو هەلومەرجێکدا کاری حیزب و بزووتنەوە بەرنەپێش و لەهەموو بوارەکاندا لە داهاتوودا بتوانن ڕێبەرایەتی حیزب وەئەستۆ بگرن.

هەر لەو قۆناخەدا حیزب توانی بە شێوەیەکی حەکیمانە کاناڵێک دەگەڵ کۆمەڵە بۆ قسەو باس بکاتەوە، پاش ئەوەی کە بنکەکانی کۆمەڵە لە دۆڵە ڕەقە کەوتنە بەر هێرشی فرۆکەکانی عێراق، کاک سەعید لە ڕێگای بێسیمەوە بۆخۆی هاودەردی حیزب و ڕێبەری حیزبی پێ ڕاگەیاندن. ئەوە بووە سەرتای کرانەوەی دەرگایەک بۆ باس لە کێشەکانی نێوانمان، پاش سەردانی کاک سەعید بۆ بەغدا لەوێ عێراقیەکان داوای لێدەکەن کە ئەوان لە نێوان حیزب و کۆمەڵەدا ناوبژی بکەن و دیداریان بۆ پێک بهێنن، کاک سەعید بەپێی سوننەتەکانی حیزب کە رازی نابێت ئەوان بەوکارە هەڵسن، دەڵێ من پرسم بەڕیبەرایەتی حیزب نەکردوە دەبێ ڕێبەری حیزب کۆبێتەوە و ئیجازەی کارێکی ئاوا بدەن، بەوجۆرە وەڵامی نەرێنی بە عێراقیەکان دەداتەوە و مەبەستیشی تەنیا ئەوەوەبوو ئەو کێشەیە لە کوردستان چارەسەر بکرێ. دوای گەڕانەوەی هەرزوو بێ ئەوەی پێویست بێ کەس دەخالەت بکات، ڕێبەری حیزب ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە و کۆتایی بە شەر دەگەڵ کۆمەڵە هێنا. ڕاگەیەنراوەکە بە دەنگی من لە ڕادیۆ بڵاوکرایەوە، ئیدی بەرەبەرە پێوەندیەکانی حیزب و کۆمەڵە بەرەو ئاسایی بوون چوونەوە و بە خۆشیەوە ئێستا دووهێزی هاوپەیمانین.

لە پێوەندی دەگەڵ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕیشدا هەروا، کاک سەعید زۆری هەوڵدا ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، چەند جار هەڵکەوت دەگەڵ کاک جەلیل گادانی ئەمر پێکەوە دەنیشن، بەڵام هەمیشە کەندوکۆسپیان بۆ کاک جەلیل درووست دەکرد.

سەرەنجام ڕێبەری حیزب بە ئیبتیکاری کاک سەعید لە ڕاگەیەنراوێکدا کۆتایی بەشەری نێوان حیزب و ئەوانیش هێنا.

مەبەست لەهەموو ئەوکارانە بریتیبوو لە تەییارکردنەوەی حیزب و بەهێزکردنەوەی حیزب بۆ درێژەدانی خەبات و بەربەرەکانی بەرانبەر کۆماری ئیسلامی، یانی مەبەستی سەرەکی لەو کارانەو لەو هەنگاوانە هەموو بریتی بوو لە وەڵام دانەوە بەو ئەرکانەی لەو قۆناخەدا کەوتبوونە سەرشانی حیزب.

## عێراق

دوای ڕێکەوتنی عێراق و ئێران فشاری دەوڵەتی عێراق بۆسەر حیزب دەستی پێکرد. بەتایبەتی دەوڵەتێ عێراق لەسەر داوای ئێران پێیان لەسەر ئەوەدادەگرت کە دەبێ لە ناوچە سنووریەکان نەمێنین. بنکەی دەفتەری سیاسی ڕاگوێزرێ، هات و چۆی سیاسی و تەشکیلاتیمان نەمێنێ.

حیزب بەهەموو تواناوە هەوڵی دا تەسلیمی ئەو داخوازە نەبێت. لەو بارەوە کاک سەعید هەمیشە ڕادەوەستا و مقاوەمەتێکی زۆری لەخۆی نێشان دەدا و وەختی دەکڕی و هەرجارەی بەجۆرێک رازی دەکردن و بەڕێی دەکردن. لەبەرانبەردا ئێمە ئاستی چاوەڕوانیەکانی خۆمانمان لە عێراق هێنابووە خوار، تاڕادەیەکی زۆر لەسەر پێی خۆمان ڕاوەستابووین و هیچ داواکاریەکمان لێیان نەبوو. بۆ حیزب ئەوە گرنگ بوو نەبینە قوربانی و مایەی سات و سەودای نیوان عێراق و ئێران.

بەدەست پێکردنی شەڕی عێراق و کویت عێراق کەوتە ژێر فشارێکی زۆرتر و هەوڵی دەدا تادەکرێ دڵی ئێران لەخۆی ڕازی بکات. بۆیە ئامادەیی تێدابوو ئیمتیازاتی زۆرتر بداتە ئێران تا فشاری ئەمریکاو هاوپەیمانانی لەسەر کەمتر بێتەوە. داخوازی بەغدا لە حیزب چۆڵکردنی بنکە سنووریەکانمان بوو، بەلام وەک هەمیشە حیزب و بەتایبەت کاک سەعید قورس و قایم ڕاوەستاو تەسلیمی ئەو داخوازە نەبوو. بۆ ئەو مەبەستە چەند جار هەیئەتی حکوومەت دەهاتە دەفتەری سیاسی بەلام کاک سەعید هەمو وجارێ بە جۆرێک ڕەوانەی دەکردنەوە. بەو جۆرە حیزب توانی خۆی لەژێر ئەو فشار و پالەپەستۆیانەدا ڕابگرێ. مانەوەی دەفتەری سیاسی لە جێگای خۆیی و ڕاوەستان لەبەرانبەر داخوازیەکان دەوڵەتی عێراقدا ئەودەم سەرکەوتنێکی سیاسی گەورەبوو بۆ حیزب و بزووتنەوە. ئەوە کاریگەریەکی گەورەی لەسەر بەردەوامی کار و چالاکیەکانی حیزب و جموجۆڵی سیاسی و تەشکیلاتی و پێشمەرگانەی حیزب لە نێوخۆی کوردستاندا هەبوو.

## کوردستان عێراق

بەدەست پێکردنی ڕاپەڕینی کوردستانی عێراق حیزب هەڵوێستی ئەوەبوو کە لەباری سیاسی و مەعنەویەوە پشتیوانی لە ڕاپەڕینەکە بکات، لەباری مادی و ئیماکاناتەوە ئەگەر ڕێبەرایەتی کورد پێداویستیەکی هەبێت و لەتوانای حیزبدا بێت بە پێی ئیمکان بۆیان دابین بکات، تەنانەت لەهەندێک شوێن کادر و تێکۆشەرانی حیزبیش لەگەڵ ئاپۆرای خەڵک لە راپەڕینی جەماوریی نێوشارەکاندا بەشداریان کردبوو، بەڵام لەباری عەمەلیەوە ئێمە دەخالەتی سیاسی و تەشکیلاتی و نیزامی نەکەین. لەوبارەوە لەباری مادی و تەداروکاتیەوە حیزب هاوکاری سەرکردایەتی کوردی دەکرد، ئەوان ئەدەم لە تەنگانەدابوون، هەموو کوردستان ئازابوو بوو، ئەو هەموو ئیمکاناتەی جەیشی عێراقی کەوتبووە دەستی خەڵک بەڵام یەکیەتی و پارتی و بەرەی کوردستانی و حیزبی شیوعی وەک تەشکیلات لە ڕاستیدا هیچیان نەبوو، لەدەورووبەری کورکوک بوون دایان کرد کە فیشەکمان نیە و پێویستیمان بە فیشەکە، حیزب لە حەمبارەکانی خۆی فیشەک و تەقەمەنی پێویستی بۆ دابین کردن. ئێوارەکەی کە کارکوک ئازادکرا، کاک سەعیدێک کە دەگەل بەخەسارچوونی گوللەیەک و نانێکی شۆرش رووحی دەهاتە سەر دەم، تەقەی هەوایی کرد، گوتی هەموومان بەجێ یە ئەوڕۆ جەژن بگرین ، لە سێسەد ساڵی رابردوودا، ئەوەیەکەم جارە کەرکوک بەدەست کورد واتەخۆمانەوەیە.

## پارتی دێموکڕاتی کوردستانی عێراق

بەداخەوە لە ئاکامی پیلانەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی دا لە نێوخۆی وڵات شەڕ و کێشەیەکی نەخوزراو لە نێوان پارتی دێموکڕاتی کوردستان و حیزبی ئێمەدا درووست بوو. ئەو شەڕە بۆ هیچ کام لە دوولایەنی شەڕەکەو بۆ میللەتەکەشمان لە هەردوو دیوی کوردستان نارەحەتی زۆر دەگەڵ بوو، هەر لە سەرەتاوە رێبەری کورد و دۆستانی حیزب و پارتی هەوڵیان دا ئاگری ئەو شەرە خەفەبکەن و رێبەریی حیزبیش بۆ ئەو مەبەستە زۆر بەپەرۆش بوو. بە خۆشیەوە لەو ساڵانەی دوایی دا بەکردوە شەڕەکە ڕاوەستابوو، لە زۆرشوێنیش پێشمەرگەکانی حیزب و پارتی کە دەگەینە یەکتر هیچ کێشەیەکیان پێکەوە نەبوو، لە زۆر شوێنیش لە تەنگانە و کاتی پێویستدا هاوکاری یەکتریشیان دەکرد، لەو بارەوە زۆر نموونە هەن کە شایانی تەقدیرن. بەوحاڵەش بەڕەسمی هێشتا حیزب و پارتی کۆتاییان بەو کێشەیە نە هینابوو. کاک دوکتۆر قاسملوو لە پلونۆمی پێش شەهیدبوونی دا، لە ڕاپۆرتی خۆیدا بۆ کۆمیتەی ناوەندی باسی دیداری نیوان خۆی و کاک مەسعودی لە سوئێد لە پەراوێزی کۆنگرەی ئەنترناسیۆنالیست سۆسیالیست دا کرد. ناوبراو ئەو دیدارەی بەرزنرخاند و گوتی ئێمە لەسەر کۆتایی هێنان بە کێشەکانی نێوانمان ڕێککەوتوین و لەوەش زیاتر دەتوانین بۆ هاوکاری و هاوپێوەندیش ئەگەر بزووتنەوەی کورد بکەوێتە ژێر فشاری دەوڵەتەکان، حیساب لەسەر یەکتر بکەین. بەڵام ئەو مەسەلەمان بە مێدیایی نەکردوە بۆ ئەوەی



سەرچاوە Serchawe

حەساسیەتی دووژمنان نەوروژێنین. لەویَ من داوام لە کاک مەسعود بارزانی کرد کە با بەیاننامەیەک دەرکەین و ئەو دیدار و لێک تێگەیشتن و ڕێککەوتنەمان بە بیروڕای گشتی و خەڵکی کوردستان ڕاگەیەنین. بەڵام کاک موسعود گوتویەتی پێویست نیە و کارێکی ئاوا دوژمنانی میللەتەکەمان تەحریک دەکات. ئەوە یەکەمین جار بوو ڕاستەوخۆ پارتی و حیزب لەئاستی هەرەسەرەوەدا پێکەوە دادەنیشتن.

بەڵام لەکردەوەدا ئەو ڕێکەوتن و لێک تێگەیشتنە هێشتا دانەبەزیبووە نێو جەماوەری حیزب و بەدەنە و نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تا سەردانی کاک مەسعود و کاک نێچیر بۆ دەفتەری سیاسی حیزب لە بۆڵێ. بە کردەوە ئەو سەردانە توانی دڕدۆنگیەکان بڕەوێنێتەوە و لاپەڕەیەکی تازە لە پێوەندیەکانی نێوان ۆحیزب و پارتی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دا بکاتەوە. کۆبوونەوەیەکی زۆر باش بوو، ڕێبەریی حیزب بەڕاستی چاوەڕوانیەکی ئەوتۆی نەبوو. چوونکە هێشتا وەزعی کوردستانی عێراق هیچ سەقامگیریەکی پێوەدیار نەبوو، دووڕەدیمەنێکی ڕوون لە ئارادا نەبوو، پارتی و کوردەکانی عێراق هێشتاش هێندەیان توانا و دەستەڵات پەیدا نەکرد بوو کە بتوانن لەبەرانبەر فشاری ئێراندا خۆراگرن. کاک سەعید پاش بەرخێرهینان و بەرزنرخاندنی کاک مەسعود و وەفدی پارتی گوتی باشە ئاخر سەردانی ئێوە ئاوا بە ئاشکرا بۆ لای ئێمە کێشەتان بۆ سازناکات لە تاران، کااک مەسعود لە وەڵام دا گوتی سەردانی ئێوە و دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات نەک هەر کێشەمان بۆ سازناکات بەڵکوو لە تارانیش پرستیژ و بایەخی سیاسی ئێمە زیاتر دەکات. جگەلەوەش پێم خۆشە لێرە رابگەنم کە ئێمە تازە هاتوینەتەوە سەرخاک و نیشتیمانی وڵات و باوک و باپیرانی خۆمان، جارێکی دیکە ئێمە لە هیچ هەلومەرجێکدا ڕوو لە ئێران ناکەینەوە، تەنانەت ڕەنگە ڕووبکەینە بەغدا بەلام قەت تازە ڕوو لە ئێران ناکەینەوە.

ئەو کۆبوونەوە زۆر پۆزەتیڤ بوو، لە کۆتایی دا کاک سەعید داوای لەکاک مەسعود کرد کە زۆر بەداخەوە هەندێک شەڕ و نێوان ناخۆشی لە بەینی حیزبی ئێمە و پارتی دا لە ڕابردودا ڕوویانداوە کە بۆ هەموولایەک و بۆ خەڵکی کوردستان ناخۆش و کارەساتبارن. بۆ نموونە هەر ئێستا هاوڕێی وامان لێرە هەیە کە ئەندامی ڕێبەری حیزبە و باوکی وی لەلایەن سەرکردایەتی شۆرش لە کاتی خۆی دا تەسلیم بە ڕێژیمی شاکراوەتەوە و دەگەڵ چەندین هاوڕێی لە جەڵدیان ئیعدام کراون، بۆیە پێویستە بەیاننامەیەکی هاوبەش بڵاوبکەینەوە، فرسەتێکی باشە کە بە ڕەسمی کۆتایی بەو نێوان ناخۆشیانە بێنین و کارێکی ئاوادا شوێنەواری سیاسی باشی لەسەر وەزعی کوردستان دەبێت. کاک مەسعود لەوەڵامی کاک سەعید دا گوتی مەبەستی من لەوسەردانەی ئەوجار تەنیا سەردان و دیداری ئێوە و ڕێبەرایەتی حیزبووە، من خۆم و پارتی بە دوژمنی حیزبی دێموکرات نازانم و هەر بۆیەش بێ دەمانچەش هاتووم. گفتت دەدەمێ دەرفەتی ئەوەش دێ کە ئەو کارەش بکەین و ئەوبەیاننامەیەش لەکاتی خۆی دا بڵاو کەینەوە. بەو جۆرە بەخۆشیەوە پێوەندیەکانی نێوان پارتی و حیزبی دێموکرات ئیدی بەرەبەرە لە کردەوەشدا ئاسایی بوونەوە. ئەوە سەرکەوتنێکی گەورەو هاوبەشی هەردوولایەو بۆ ئەوەدەبێ دەرس و ئەزموونی لێوەرگیرێ و هەرگیز ڕێگا نەدرێ جارێکی دیکە لە پێوەندیەکانی نێوان حیزب و پارتی و هێزە کورستانیەکانی



سەرچاوە
Serchawe

دیکەدا دووبارە بێتەوە.

وەک باسمان کرد وەزعی تازەی کوردستانی عێراق ئەگەر لەلایەک گەلێک دەرفەتی گەورەی لەگەڵ خۆی هێنابوونە پێش، لەلایەکی دیکەش گەلێک شتی نەرێنیشی هێنابوونە کایە. هەرچەند بەرەی کوردستانی هەبوو و هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستان لە نێوی دابوون، بەڵام کێشەو ململانێی نیوان پارتی و یەکیەتی مەیدانی بۆ دوژمنانی کورد بەتایبەت کۆماری ئیسلامی بۆ سازکردنی نائەمنی و ئاژاوەنانەوە پێکهێنابوو. هەموو هەوڵی حیزب لەوبارەوە ئەوەبوو کە یەکیەتی و پارتی تەشویقبکات پێکەوە و بە شێوەیەکی هاوبەش و بە ئاشتی کێشەکانیان مودیریەت بکەن و ئەگەر بڕێ هەڵبژاردنێک بەڕیوەبەرن و حکومەتێک بۆ ئیدارەی کاروباری ناوچە ئازادکراوەکان دامەزرێنن، کاک سەعید لە دیدارو چاوپێککەوتنەکانی دا دەگەڵ ڕێبەرایەتی پارتی و یەکیەتی هەمیشە پێی لەسەر زەروورەتی ئەو کارە دادەگرت. بەخۆشیەوە سەرەنجام هەڵبژاردنی پارلەمانی کراو یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهات.

ڕاست لەو سەروبەندەدا کۆماری ئیسلامی دەستی کردە پیلانگێڕان بەدژی حیزب و بزووتنەوە، شەبەکەیەکی بەرینی بۆ تیرۆری ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزب لە کوردسانی عێراق دامەزراند، تەقاندنەوەی مینوبوس و ماشینەکانی دیکەی حیزب لەکاتی هاتووچۆیان، نائەمنکردنی ڕێگاکانی دەورووبەری بنکەو بارەگاکانی حیزب، بەشێک لەو پیلانە بوون. وەک باسم کرد هەر بۆ وەڵام دانەوە بەو وەزعەش بوو کە حیزب کۆمیتەی ئەمنیەتی پێکهێنا. کۆماری ئیسلامی هەربەوەش ڕانەوەستا و فشاری خستە سەریەکیەتی و پارتی تا حیزب شوێنی بنکەو بارەگاکنی چۆڵکات ولەو پێوەندیەدا بەسەدان پیلانی جۆراوجۆری وەرێخستن. بەڵام حیزب بە هیچ جۆر نەچووە ژێر ئەو داخوازە. ڕێبەریی حیزب ڕایگەیاند کە حیزب بەهیچ جۆر ئەو شوێنانە بەجێناهێڵێ و هەروەک ڕابردوو بەڵام بە ئارایشی تازە و گونجاوترەوە درێژە بەکار و خەباتی خۆی دەدا.

ڕێژیم دەستی دایە تۆپبارانی بنکەو بارەگاکانی حیزب و ئیستگەی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران. ئەو ڕۆژەی کە کاتووشاکانی ڕێژیم لەدەورووبەری ئیستگەی ڕادیۆ دەکەوتن، کاک عەسکەر کوردستانی دەچێتە لای کاک سەعید و دەڵێ کاکە تۆپ و کاتیۆشاکانی ڕێژیم لە دەورووبەری ڕادیۆ دەکەون و دەتەقنەوە. کاک سەعید لەوەڵامی کاک ئەسکەردا دەڵێ هیچ نیە ڕەنگە ڕۆژێک هێرشیشیمان بکەنە سەرو ئەودەم نارنجوکێک دەخەینە نێو ڕادیۆ و دەی تەقێنینەوەو کلاشێنکۆفەکانمان هەڵدەگرین و وەشاخی دەکەوین.

## ئێران

کۆتایی شەڕ و مەرگی خومەینی بە قۆناخێکی تازە لە مێژوویی ئێران دا دادەنرێ. لە دەورانی شەڕدا ئابووری دەوڵەتی و



سەرچاوە
Serchawe

فەرماندەهی سەرچاوەکانی سەرمایەگوزاری وشک کردبوون. کاری حکومەت بریتی بوو لە چاپی ئەسکیناس و فرۆشی ئەرز لەبازاری ئازاد دا. داهاتی ڕوولەکەمی نەوت لە ئابووریەکی نابەرهەمهێنەردا، لەدەستی کاربەدەستانی مەزهەبی و سیاسی و بازرگانەکانی سەربەئەواندا کۆببووە وە. بێکاری و هەژاری و مەینەتبەشی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشابوو. قستی ئیسلامی و بەهەشتی ئیسلامی و کۆمەڵگای بێ تەبەقەی تەوحیدی و ئەو جۆرە خەیاڵاتە بەکەڵکی هیچ شتێک نەدەهاتن. لە دەرەوەی ئێران، بناخە سیاسی و فکری و ئیدەئۆلۆژی و تیئوریکیەکانی ئابووریی حکوومەتی و دەوڵەتی لێکهەڵوەشابوون. ئەوە وەزعێکی پێکهێنا کە لە کۆماری ئیسلامیشدا کەسانێک پەیدابن کە بکەونە بیری چاکسازی و بازسازی وڕیفۆڕم. بەو جۆرە مەیل بەلای بازاڕی ئازاد و تکنۆکراسی و دوورکەوتنەوە لە ڕێگاچارەی مەکتەبی و ئیدەئۆلۆژیک بەرەبەرە لە نێو کاربەدەستانی ڕێژیم و دارودەستەکانی دیکەی سەربە ئەواندا سەری هەڵدا.

ئیسلام وەک حکومەت، وەک فەلسەفەی سیاسی و حکومەتکردن و دەوڵەتداری تەنیا لە زەین و بیری موشتاقی ڕابردووی ڕێبەرانی ڕێژیم دا مانای هەبوو. بۆ هەمووان دەرکەوتبوو کە سەدری ئیسلام و حکومەتی مەدینە حەزرەتی ڕەسوڵ تازە ئیدی زیندوونابێتەوە و لەسەدەی بیستەم دا دووبارە نابێتەوە. حکومەتی محمەد لەسەدری ئیسلام دا تەنیا یەکجار لە مێژوودا هەبووە و ئەودەمیش لە هەلومەرجی زەمانی و مەکانی خۆیدا شکڵی گرتووە و لەوەش زیاتر تازە لە دووسێ دەیە زیاتری نەکێشاوە. دواتر ئەوە تەنیا سەرەنێزە و فتوحاتی نیزامی و غەزوو بووە کە پایەی هەموو شتێک بووە.

ئیدی فەلسەفەی حکومەتی ئیسلامی شتێک نەبوو جگە لە قبووڵکردنی ڕێبەرایەتی خومەینی. واتە تەنیا ئەوە کافی بوو کە خومەینی وەک ئیمام و جێنشینی خوا لەسەر زەوی بناسن و بەس. فەرمانی خومەینی قانوون بوو. بەکەیفی خۆی چی ویستبا دەیکرد. کێی ویستبا لای دەبرد و کێی پێخۆشبا دای دەنا. حکوومەت لەسەر بنەمای مۆدێلی حکوومەتە سۆسیالیستەکانی دونیای سێهەم واتە نموونەی وەک میسر و سوریەو جەزایر و هتد سازماندرابوو.

هەموو شتێک لە قۆرخ و پاوانی دەوڵەت دابوو. دەوڵەتێک کە نەتەشکیلات و نەتوانای ئەوهەموو کارەی هەبوو. ئابووریەکەی لەجیاتی هێزی بازاڕ لەسەر ئەساسی زەبروزەنگ و بە زەبری گۆپاڵ هەڵدەسوڕا. لە ئاکام دا گۆپاڵ و زەبروزەنگ هێزی بازاڕی جاڕز و ماندوو دەکرد و هێزی بازارێش گۆپاڵ و هێزی زەرەنێزەو زەبروزەنگی گیرۆدەی گەندەڵی و فەساد دەکرد. مۆدێلی چینی تەواو دەگەڵ ڕووحیەی ئاخوندی دەهاتەوە. ئەو حکومەتە لەڕێگای شۆرش و خوێنرێژیەوە هاتبووە سەرکار و لە سیاسەت و کاروباری کۆمەڵایەتی دا قانوون مەداری و ڕەواداری نەدەناسی. ئابووری ئێران سەرمەشقەکەی ناسر و بنبێلا بوون. سۆڤیەت بۆ ئاخوندەکان لە ململانێ دەگەڵ ڕۆژئاوادا ببوە سەرمەشق و سەرچاوەی ئیلهام. لەو پێوەندیەدا ئامادەبوون گەورەترین ئیمتیاز بدەنە سۆڤییەت. شەڕی کوەیت ئاخووندەکانی لە ئەمریکا ترساند. شکەستی ئێران لە شەر دەگەڵ عێڕاقدا، پەرەئەستاندنی حزووری ئەمریکا لە ناوچەکەدا خەیاڵی ناردنەدەرەوەی شۆرشی لە زەینی



سەرچاوە Serchawe

ئاخوندەکان خستە بەر پرسیار. پێداویستیەکانی ڕێژیم بۆ یارمەتی تکنیکی و فەننی دەرەوە بەمەبەستی ئاوەدانکردنەوەی وێرانیەکانی شەڕ و وەگەڕخستنەوەی چەرخەکانی ئابووری، کۆتایی بە خەیاڵی دەوڵەتی ئیسلامی وسدووری شۆرش لانی کەم لەوەدەم دا هێنا. هەرچەند باڵی توندڕەوی نێودەستەڵات ناڕازیش بوو، بەڵام ڕێژیم بەکردەوە هەنگاوی بەرەو ئاسایی کردنەوەی پێوەندیەکان دەگەڵ ڕۆژئاوا جگە لە ئەمریکا هەڵگرت. مەرگی خومەینی کاری ئەو سوڕانەوە سێسەد و شەشت پلەیەی ئاسانتر کرد.

ژەهرخواردنەوەی خومەینی لەو ڕاستیەوە سەرچاوەی دەگرت کە ئەو هەستی بە گەورەیی مەترسیەکە لەسەر ڕێژیم کردبوو. بەو جۆرە بەرەبەرە لە دەوڵەتی ئیسلامی جگە لە ڕواڵەت و پێستی دەرەوەی هیچی دیکە نەمایەوە. حکومەتێک کە قەراربوو نائیبی پێغەمبەر و جێنشینی خوا ڕێبەری بکا، ملی بۆ پارلەمان و دابەشکردنی دەستەڵات و قودرەت دا ڕاکێشا. بەو جۆرە وەلی فەقیە لەجیاتی مەشروعییەت بە ڕێژیم بدات، دەستەڵات و ئیقتیداری خۆی لە ڕاگرتنی بالانس لە نێوان دارودەستە جیاجیاکانی نێو ڕێژیم دا وەدەست دەهێنا. لە ڕاستیدا وەلی فەقیە بووبوە پەردەیەک بۆ شاردنەوەی مافیای دەستەڵات. ئاخر بناخەکانی ئابووری و سیستەمی ماڵیی ئیسلامی خومس و زەکاتن. کەچی ڕێژیمی ئیسلامی ڕووی کردە وەرگرتنی ماڵیاتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ. کەوتە باج سەندن و سود وەرگرتن و بەهەرەو قازانج سەندن بەڵام پاشگری ئیسلامی پێوە زیادکردن. بەو جۆرە ئابووریەکی دەوڵەتی و حکومەتی لەسەر مۆدێلی ڕۆژئاوا کە هیچ وێچوونێکی دەگەڵ مەدینەو کوفەو مەککەو نەجەف نەبوو بەرەبەرە کەوتە دارەدارە. لە سیستەمی قەزاییش دا ڕێژیم نەیدەتوانی هەموو قانوون و یاساکان بە تەواوی بکاتە یاساو قانوونی ئیسلامی.

بەوجۆرە حکومەتی ئاخوندی بۆ مانەوەی خۆی ڕەوتێکی گرتەبەر کە ڕۆژبەڕۆژ لە شەریعەت دوور کەوێتەوە. پاش مەرگی خومەینی ئەو ڕاستیە باشتر دەرکەوت. لە خۆڕا نەبوو لە ساڵی ۱۹۸۹دا شوڕای پاراستنی قازانج و بەرژەوەندیەکانی ڕێژیمی پێکهێنا. بەو پێ یە بەرژەوەندیەکانی نیزام لە فەرمانی خواو و ئەحکامی قورئان و ئیسلامی عەزیز گرنگتر بوون. شوڕای دیاریکردنی بەرژەوەندیەکانی نیزام تەنانەت چووە سەرەوەی شوڕای نیگابانیش.

ئیدی کاربەدەستانی حکومەت کارێکیان بە ئارمانگەرایی و ئامانجەکانی حکومەتی ئیسلامی نەما. هەموو بیرو زکر و فکر و هەوڵ و تواناو تێکۆشانی خۆیان بۆ ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدانی ئابووری تەرخان کرد. تەنیا ڕاگرتنی زاهیری شەرعی کۆمەڵگای ئیسلامی کافی بوو. حیجاب هەبێ جائەگەر ژنان دەگەڵ پیاوان تێکەڵاوی و تەنانەت دەستیش تێکەڵ کەن، بەومەرجەی زاهیری شەرعی وەبەرچاوبگرن، مەسەلەیەک نیە.

ڕێژیمی ئاخووندی خۆی لە خۆی دا غەیرموتەمەرکز بوو. خومەینی بۆخۆی کە قەت فەقیە نەبوو بووبوە وەلی فەقیە. هەر

فەقێیەی گۆشەیەکی حکوومەتی بەدەستەوە گرتبوو. لە پشت سەری هەمووشیانەوە حەوزە هەبوو. ئاوێتەیەک لە دەستەڵاتی دەوڵەتی و خسوسی پێکهاتبوو کە ناوی ڕووحانیەتیان لەسەر دانابوو. سەیر ئەوەبوو کە ئەو ڕووحانیەتە هیچ قودرەت و پرستیژ و ئۆتۆریتەیەکی مەعنەوی و ئەخلاقی و فکری نەبوو. ئەو قودرەتە سیاسیەش کە لە ئاکامی شۆڕشدا وەدەستی هێنابوو ئاکامی ئەوەبوو کە ئەرتەش و سوپاو دەزگاکانی دیکەی سەرکوت و خەزێنەی گشتی دەبن دەستی خۆی گرتبوون و پێوەندیەکی تووندیشی دەگەڵ بازا و دەیان و سەدان نیهادی دیکە درووست کردبوو. هەرکام لەوان بەشی خۆیان لەو کیکە شیرنە پێبڕابوو. هەموو ئەوە لەئاکامی هاودەستی دەگەڵ ڕێبەریی مەزهەبی واتە وەلی فەقیە ئیمکانی هەبوو.

ڕەفسەنجانی ئولیگارشیەکی گەورەی سیاسی و مەزهەبی و ماڵی و نیزامی پێکهێنا کە قازانج و بەرژەوەندیەکانی هەمووی ئەو داروودەستە جۆراوجۆرانەی نێو ڕێژیمی لێک گرێدابوو.

هەر لەو راستایەدا ویستیان حەوزە نوێ کەنەوە، زمانی ئینگلیسی و کۆمەڵناسیان بە دەرسەکانەوە زیاد کرد. مەبەست ئەوەبوو کە کادری تازە بۆ ئیسلام و دەزگای مەزهەبی پەروەردەکەن، بەلام ئاشکرایە کە ئیسلام مۆدێرن بوون هەڵناگرێ. لەو سەروبەندەدا بوو کە ڕێژیم دەگەڵ هەموو کەس و هەموو لایەک و تەنانەت دەگەڵ شەیتانیش ڕێکدەکەوت بەومەرجەی زاهیر و ڕواڵەتی ئیسلامی ڕاگرێ و وەبەرچاوبگرێ. ئەزموون ئەوەی بۆ حەوزە دەرخستبوو کە نە سیستەمێک بە ناوی حکومەتی ئیسلامی و نە شتێک بەناوی ئابووری ئیسلامی هەیە. خومەینی توند ڕۆیشت و حکوومەتی لە شەریعەت بە گرنگتر دانا، بەوجۆرە حەوزەی بێ دەنگ کرد. حەوزەش هیچی نەدەویست و تەنیا داوای ڕاگرتنی زاهیری شەرعی دەکرد و بەس. بەو جۆرە جووتسالاری خامەنەیی و ڕەفسەنجانی دەستەڵاتی گرتە دەست.

بەوجۆرە بێ دەسکاری کردنی خەتی ئیمام و حکومەتی مەزهەبی دەرگای وڵات بەڕووی بازرگانی دەرەکی و هاوردەکردنی کاڵای دەرەکی و وەرگرتنی قەرزی خاریجی دا کرایەوە. مەیدان بۆ دەڵاڵی و سازکەو بفرۆشە لە ئابووری ئێران دا تەخت بوو. بەجۆرێک کە زیان بە پێگە و ڕێگەی دەستەڵات نەگا ئیمکانیان بۆ خۆشکردنی نسبی ژیانی خەڵک پێکهێنا. داواین لەخەڵک ئەوەبوو ئەگەر کاریان بەسیاسەت نەبێت هەرچی دەیکەن بکەن گەردنیان خۆش و ئازا، تەنیا زاهیری شەرعی وەبەرچاوبگرن و هیچی دیکە. بەلام ئەو کرانەوە بچکۆلەیە بووە هۆی ئەوەی بالانسیان لەدەست دەرچێ. لە هەر حکومەتێکی دیکتاتۆریدا، کەمترین چاکسازی و ڕیفۆرمیش، تەنانەت کە تەنیا لە ڕووی ئیداریشەوە بێ، پێوەدەچێ و دەتەنێتەوە و شوێنی دیکەش دادەگرێ. تاقمی تکنۆکرات و پراگماتیستی نێو دەستەڵات خێراییان بەو ئاڵووگۆڕانەدا. ئاخر ئەوان دەبوایە نان و کار و ئیمکانی سەرەتایی ژیان بۆ حەشیمەتی ئێران ئامادەکەن کە ئەودەم بە خێرایی ٣,٧ لە حاڵی گەشەدا بوو. سیوپێنج لەسەدی خەڵکەکەی لە ژێر تەمەنی پازدەساڵی دابوون و لەبەرەبەری هاتنە نێوبازاری کاردا بوون. ڕێژیمی ئاخوندی و حکوومەتی ئیسلامی نەک هەر لە پیادەکردنی ئەحکامی ئیسلامی تەنانەت لە پەروەردەکردنی کادری ئیسلامیش



سەرچاوە
Serchawe

بۆ ئیدارەکردنی خۆی ناکام مایەوە. ناچار بوو تکنۆکرات و کادرە قەدیمیەکانی سەردەمی شا بێنێتەوە سەرکار و وەخۆیان بگریٚ بۆ خزمەتی خۆی. بەوجۆرە ڕۆژ بەڕۆژ ڕۆڵی ئەو تکنۆکراتانە زۆرتر بۆوە. ڕەفسەنجانی هەوڵی دا خۆی وەک سەرداری ئاوەدان کردنەوە و ڕێفۆرم و میانەڕەوی بناسیٚ. بەڵام ئەو پرسیارە لە گۆڕێدابوو کە داخوا کۆماری ئیسلامی ڕێفۆڕم هەڵگرە؟ ئیمکانی هەیە چاکسازی تێدا بکریٚ؟ ئایا ڕێفۆڕم دەبێتە هۆی کرانەوەی زۆرتری ڕێژیم یا ڕووخانی؟ یایا دەکریٚ جمهوری لەو بنبەستە ڕزگار بکریٚ کە تێی کەوتبوو؟

تاقی کردنەوەی دەساڵی یەکەمی دەستەڵاتی ئاخووندی نیشانی دابوو کە ناکریٚ کۆمەڵگا بە بیٚ سەرەوبەرەیی و نوشتە و دووعاو ڕیاو تەزویر و سەرفیترە و خومس و نزاو نوێژ و ڕۆژوو ئیدارە بکرێت. حەوزە و ئیدەئۆلۆژی و تەئویل و تەفسیری مەتنە ئایینیەکان و کتێبە مەزهەبیەکان بیٚ کەڵکی خۆیان لە پێوەندیی دەگەڵ دەوڵەتداری و حکوومەتداری دا نیشان دابوو. نە لاسایی کردنەوەی حکوومەت و نیزامە سۆسیالیست و چەپەکانی دونیای سێهەم، نە لە ڕێگای ئابووریی ئیدەئۆلۆژیک و فەرماندەیەوە، دەوڵەتداری بەرێوە دەچیٚ.

ڕێفۆڕمخوازەکانی نێو ڕێژیم لەگەڵ ئەو دژەوازی و ناتەباییە بەرەوڕووبوون کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەم سەرچاوەی دەستەڵات و مەشروعییەتیان بوو و هەم سەرچاوەی هەموو ئەو بەدبەختی و مەینەتبەشی و وێرانیەش بوو کە خەڵ لەگەڵی دەستەو یەخەبوون. بۆیە دەبوایە ئاڵووگۆر لە هەموو سیستەم دا درووست بووبا. دەستووری ڕێژیم بەجۆرێک نوسراوە کە هاوسەنگی لە نیوان دوو شتی ناتەبا دەگەڵ یەکتردا پێکبێنیٚ. حاکمییەتی سەرەڕۆیانەی مەزهەبی و دەستەڵاتداریەتی خەڵک. کە ئەودوانەش لە حاڵەتی ئاسایی دا قەت پێکەوە هەڵناکەن. لەلایەکی دیکەش دەبوایە کۆتایی بە فیئۆدالیزمی سیاسی و ئابووری بهێنریٚ. ئاخر سەدان دەستەوتاقمی جۆراوجۆر دەستەڵات و ئیمکاناتی وڵاتیان لە نێوخۆیان دا دابەش کردبوو و وەک زێرو پێی وەنوسابوون و دمیان تێنابوو. هەر دەستەو تاقمە ئەرتەش و سوپای تایبەتی و ڕادێو و دام و دەزگای تەبلیغاتی و ئاپاراتی خۆی هەبوو. لە وەزعێکی ئاوادا ڕێفۆڕم بریتیبوو لە کورتکردنەوەی دەستی ئەو دارودەستەو تاقمە جۆراوجۆرانە. بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە دەهاتە پێش کە باشە ئەگەر ئەو دەستەو تاقمە جۆراوجۆرانە لە ڕێژیم بستێنینەوە کێی بە دەورووبەرەوە دەمێنیٚ. خۆ ئەوانە خۆسیان نەدەبوونە پێشقەدەم بۆ ڕێفۆرم و چاکسازی و پاکسازی و ئاڵووگۆڕ.

بۆ ڕێفۆڕم و چاکسازی و ئاڵووگۆڕ دەبوایە مەیدان بە رووناکبیران و تکنۆکراتەکان بدریٚ و ئیمکانی ئەوەیان بۆ برەخسیٚ تا بتوانن لە پرۆسەی سیاسی دا بەشدار بن و شوێنەوار دابنێن. کەچی مەیدانی زۆریش بەوان لەلایەکی دیکەوە دەبووە هۆی دوورخرانەوەی ئەو دارودەستانەی مان و مەوجودیەتی کۆماری ئیسلامیان نەک هەر پێوە بەسترابوو بەڵکوو لەسەر ڕاوەستابوو.

ڕەفسەنجانی و خامەنەیی بۆ چارەسەری ئەو مەسەلەیە ڕیگا چارەیەکیان دۆزیەوە.بە هێزکردنی ماشینی سەرکوت و زەبروزەنگ و پشت بەستن بە سەرکوت و زەبروزەنگ و تیرۆر و تۆقاندن. ئەوان مەیدانێکی کەمیان بە تکنۆڕاتەکان دا. ئەوان کاروباری ئیداری و بەڕیوەبەرییان بەدەستەوە بوو، بەڵام دەستەڵات و قودرەتی بڕیاردان و سیاسەت گوزارەی هەردەبوایە بەدست خۆیانەوە بێت. لاسایی چینیان دەکردەوە، پەرەسەندنی ئابووریان دەویست بەلام ئاڵوگۆڕی سیاسی و پەرەسەندنی سیاسی نا. لەو چەند ساڵەدا ١٥٠ ملیارد دۆلار لە ڕێگای فرۆشتنی نەوت و وەرگرتنی قەرزی خاریجی ڕژایە سەرسفرەی ئاخووندەکان. بەو جۆرە چینێکی تازە لە ئێران دا پەیدابوو کە لە دەوودەیەی یەکەمی دەستەڵاتی ئاخووندی دا ٣٠٠ ملیار دۆلار ڕژابووە نێو گیرفانی.

زۆری نەکێشا کە ڕێفۆڕمخواز و میانەڕەو بۆیان دەرکەوت کە میانەڕەوی و ڕێفۆرمخوازی یانی خۆهەڵواسین بە دارودەستە دەستەڵاتدارەکانی نێو حکوومەتی ئاخووندی.

ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵاتیش جگە لە کور و چەند لایەنی دیکە، هەموو هەڵیان ئەوبوو کە لەقەبی ڕێفۆڕمخواز و میانەڕەو بە ڕەفسەنجانی بدەن و ئۆمێدی خۆیانی پێ ببەستن. بەڵام هیچ کات ئەوە لە ماهیەتی خودی ڕەفسەنجانی دا نەبوو. کەچی ئۆپۆزسیۆنی بۆش و چ لێنەهاتوو دەیەویست لەو ڕێگایەوە پاکانە بۆ بێکیفایەتی و دەستبەتاڵی خۆی بکات. ڕەفسەنجانی کە سەرداری میانەڕەوی و بازسازی و چاکسازی بوو، سیمبۆل و پەیکەرەی گەندەڵی و فەساد و دزی و تاڵان و سەرکوت و تیرۆریش بوو. ئەو لەو ماوەیەدا چل ملیار دۆلار قەرزی خاریجی وەرگرت. تیرۆر و کوشتنی زیندانیانی سیاسی و موخالیفانی ڕێژیم لەدەرەوە ڕوویەکی دیکەی ئەو ڕێژیمە بوو. پەرەسەندن دەگەڵ سەرکوت و تاڵان و سەرکوت لایەنێکی دیکەی ماهیەتی ڕێژیم بوو.

بۆ سەرکوتی بزووتنەوە ئیعتڕازیەکانی خەڵک کە لە شارە جۆراوجۆرەکانی وڵاتەکەماندا بۆ داوای نان و پێداویستیەکانی دیکەی ژیان دەڕژانە سەرشەقامەکان لە ئەرتەش و سوپاو هێلیکۆپتێر کەڵکی وەردەگرت. قەتڵە زەنجیرەییەکان، تیرۆری ڕێبەرانی ئۆپۆزسیۆن و موخالیفانی ڕێژیم لەدەرەوە، کوشتن و شکەنجەو ئیعدام، سیمای ئەسڵی ڕێژیم بوون.

ئەو تێرۆر و سەرکوتە دەرەوەی وڵاتیشی گرتەوە، ڕێژیم سەرتاسەری دەزگای دیپلۆماسی و ئیمکاناتی وڵاتی خستە خزمەت دەزگاکانی سەرکوتی خۆی و لە تورکیە، قوبرس، عێڕاق، پاکسان، خەلیج و تەنانەت ئوورووپاشدا دەستی کردە کوشت و کوشتاری موخالیفانی کۆماری ئیسلامی. تیرۆری ڕێبەرانی گەورەی ئێمە نموونەی هەرەزەقی ئەو ڕاستیەن. بەو جۆرە کاربەدەستانی ڕێژیم بۆ پاراستنی دەستەڵاتی خۆیان و قازانج و بەرژەوەندیەکانیان، لەبەرانبەر خەڵک و ئازادیخوازانی ئێران هەموویان یەک بوون ولەیەک سەنگەردا پێکەوە بە دژی خەڵک ڕاوەستابوون. نە قازانج و بەرژەوەندیی میللی و نە

خێری گشتی و لە قامووسی بیری سیاسی ڕەفسەنجانی و دارودەستەکەی دا نەبوون. ئەو کە نەیدەتوانی ببێتە گۆرباچۆڤ، مۆدێلی دینگ شیائۆ پینگی هەڵبژارد. یانی سەرکوت و تیرۆر و تۆقاندنی زۆرتر و شاراوەتر دەگەڵ دزسالاریەکی بەرینتر و گەورەتر.بەو جۆرە میانەڕەوی و تەعدیلی ئابووری هیچ مانایەکی دیکەی نەبوو بێجگە لە ئاوالاکردنی دەستی مافیای قودرەت و مافیای بازاڕ. ئاخر چاکسازی ئابووری و ڕیفۆرم بەبێ هێزو دەسەلات دان بەخەڵک، بەبێ قودرەت دان بەخەڵک، بەبێ بەشداری کارای خەڵک ئیمکانی نیە. بەبێ ئازادی کەرتی تایبەتی ئیمکانی نیە.

ڕەفسەنجانی لەو شوێنانە کە مەترسی لەسەر ڕێژیم هەبوو وەک پێوەندیی دەگەڵ ڕۆژئاوا و وڵاتانی دراوسێ، زوو تەسلیم دەبوو.بەڵام هیچ کات ئامادەنەبوون دەسەڵاتی سیاسی و نیزامی و ئابووری لەدەست بدەن یا دەگەڵ خەڵکی دابەش کەن.

بوجۆرە ئولیگارشی ئاخوندی درووست بوو. لە بەرانبەر پشتیوانی ڕەفسەنجانی لە ڕێبەربوونی خامەنەیی، خامەنەییش بەوەڕازی بوو کە حکوومەت زاهیری شەرعی و دڵی بازاڕ کە ملیارد ملیارد پووڵ دەرژایە گیرفانی ڕاگرێ. لە ئاکام دا ڕەفسەنجانی ریگای لە هەرچەشنە چاکسازی و ڕیفۆرمیکی سیاسی گرت. ئیدی سانسۆر و سەرکوت و زەبروزەنگ بە چەشنێکی بێ وێنە پەرەی ئەستاند.

دەتوانین بڵێین بە تەواوبوونی شەڕی ئێران و عێراق و مەرگی خومەینی و هاتنەسەرکاری رەفسەنجانی دوو دەستەی لێک نزیک کردنەوە. وڵاتانی دەرەوە و بەتایبەتی ئورروپاییەکان کە ئارەزووی باشتربوونی پێوەندیەکانی خۆیانیان دەگەڵ ڕێژیم دەکرد. هەروەها ئەو ئێرانیانەش کە ئارەزووی ئەوەیان دەکرد بگەڕێنەوە و لە نێوخۆی ڕێژیم کار بکەن. ئەوان پێیان وابوو کە بەرەبەرە ڕێژیم ڕەنگی مەکتابی و مەزهەبی و ئیدەئۆلۆژیک لەدەست دەدات و لە نێوخۆیدا دەگۆڕێ و دەکرێ کاری دەگەڵ بکرێ. لە ڕاستی دا هەردوو دەستە لێکدانەوە و تەفسیری قازانج ویستانەو هەلپەرستانەی خۆیان لە میانەڕەوی هەبوو. بەڵام کاک سەعید زوو ماهیەتی ڕەفسەنجانی ناسی و ڕایگەیاند کە تاکتیکی ڕێژیم بریتیە لەوەی کە لە ڕێگای تووندترکردنی ماشێنی سەرکوت لە ژوورێ و وەکارخستنی تێرۆ و کۆشتار لەدەرێ و ڕاگرتنی زاهیری شەرعی پایەکانی دەستەڵاتی خۆی بپارێزی و خۆی بەرێتە پێشێ. یانی ئەو ڕێژیمە بەر لەهەرشتێکی دیکە مانەوەی خۆی بۆ گرنگە.

مێژوو نیشانی داوە کە ڕێژیمە دژی گەلیەکان بۆ مانەوەی خۆیان ئامادەبوونە دەست بدەنە هەر چەشنە جنایەتێک. ساختار و قەوارەی کۆماری ئیسلامی، ئەوهەموو دەستەو تاقم و نیهاد و دارودەستە جۆراوجۆرە کە هەموویان بە هەزار داوی دیتراو و نەدیتراوە وە لێکگرێ دراون، ئەرتەش، سوپا، بەسیج، حەوزە، ڕووحانیەت، مەجلس، حکومەت و هتد هەموویان بۆ پاراستی کۆماری ئیسلامی وەک یەک ئامادەی هەموو چەشنە جینایەتێکن. لەو بارەشەوە ئێران تەنانەت نەتوانی مۆدیلی چینیش بێت.

چینیەکان توانیان کرانەوە بە رووی دونیادا بکەنە ستراتیژی. کۆماری ئیسلامی لەوبوارەشدا دەری خست کە نەیتوانی کارێک بکات.

ڕەفسەنجانی نەیتوانی مۆدێلی چینی بەرێتە پێش. یانی کۆنترۆڵی توند لە نیوخۆ، بەلام کرانەوە ڕوو لەدەرێ و ئازادسازی ئابووری. کۆماری ئیسلامی تەنیا بەشی یەکەمی وەرگرت و بەس.

هەر زوو دەرکەوت کە کاک سەعید گوتەنی فڕوفیشاڵی میانەڕەوی و چاکسازی و بازسازی بێجگە لە هەژاری و مەینەتبەشی و ماڵوێرانی و برسیەتی و نەداری و سەرکوت و خەفەقان و زەبروزەنگ، شتێکی دیکەی بۆ گەلانی ئێران تێدا نەبوو. ئەو سیاسەتە چینێکی تازە گیرفانی گەندەڵ و فاسدی درووست کرد کە نە خوای هەبوو و نە وەتەن، وەک بێگانەو داگیرکەر دەگەڵ ئێران و گەلانی ئێران دەجولایەوە. بەوجۆرە مەینەت بەشی، قەرزی دەرەکی، سەرکوت و تیرۆر، سانسۆر و خەفەقان، زیندان و ئیعدام، دزی و تالانی سەروەت و سامانی وڵات و گەندەڵی و فەساد بەرهەمی ڕاستەخۆی سیاسەتەکانی ڕێژیم لە دەورانی جووتسالاری ڕەفسەنجانی و زامنەیی دا بوون.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا کاک سەعید بە ڕامان و خوێندنەوە و دەرکی قوڵی سیاسی خۆی زوو هەڵوێستەکانی حیزبی بەوجۆرەی خوارەوە دارشتن.

لە قاودانی فڕوفیشاڵی بازسازی و چاکسازی و ریفۆرم خوازی و میانەڕەوی رەفسەنجانی و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ بیرڕوای گشتی  کوردستان و ئێران.

دەستنیشان کردنی ماهیەتی کۆنەپەرستانەو دواکەوتوانەی کۆماری ئیسلامی بۆ گەلانی ئێران

لەقاودانی سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگی ڕێژیم لەنێوخۆی ولاتدا و هاندانی خەڵک بۆ خەبات و بەربەرەکانی

لە قاودانی هێزو لایەنە سیاسە ئێرانیە سازشکار و تەسلیم تەڵەبەکانی نێو ئۆپۆزسیۆن

هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی هێزو لایەنە ئێرانیە میللی و نیشتیمانی و خەباتگێرەکان  بۆ خەبات و بەربەرەکانی دەگەک کۆماری ئیسلامی

دیفاع و بەرگری بێئامان لەسیاسەتەکانی حیزب و لە داخوازە میللی و دێموکراتیەکانی گەلی کورد بۆ ڕزگاری لەستەمی میللی

و نەتەوایەتی.

هەوڵدان بۆ ئەوەی بزووتنەوەی میللی دێموکراتی کوردستان وەک فاکتۆرێکی گەورە و سەربەخۆ لە کێشەی نێوان ئێران و عێراق نیشان بدرێ و نەکەوێتە ژێر سێبەری شەری خەلیج.

ئاگادار کردنەوەی بیروڕای گشتی دونیا بە گشتی و ئوووروپا بە تایبەتی لە سەرکوت و زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و لە ناوچەکانی دیکەی ئێران و هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانی کۆروکۆمەڵە بەشەردۆستەکان بۆ پشتیوانی لە خەباتی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران.

لەقاودانی سیاسەتی سازشکارانەو بەرژەوەندیخوازانەی وڵاتانی ئوورووپایی لە پێوەندی دەگەڵ کۆماری ئیسلامی و بێ دەنگی ئەوان لەبەرانبەر پێشلکاریەکانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران و کوردستاندا.

## لە ئاستی جیهانی دا

شکانی ئەزموونی سۆسیالیزمی مەوجود، وەک باسمان کرد، قەیرانێکی قوڵی سیاسی و تەشکیلاتی و ئیدەئۆلۆژیکی بۆ زۆربەی هێزە چەپ و سۆسیالیستەکانی دونیا بەدوای خۆی دا هێنا.

حیزبی دێموکرات حیزبێکی میللی و دێموکرات بوو، بەڵام چوونکە بناخەیەکی بەهێزی هەبوو، لە نێو میللەتی خۆی دا ڕەگی هەبوو، لەسەر خاکی کوردستان و لەنێو خەڵکی کوردستان دابوو و پێگەی خەڵکی و جەماوەری هەبوو، ئەو قیرانە نەک هەر زیانی تەشکیلاتی و سیاسی بە حیزب نەگەیاند بەڵکوو حیزبی لە هەموو بارێکەوە، بەهێزتر و پتەوتریش کرد. ئاخر پیشتر حیزب بۆخۆی لە تەشکیلاتی خۆی و لە نێو بزووتنەوەدا کەمووکوڕیەکانی سۆسیالیزمی پادگانی دەست نیشان کردبوون. ڕەخنەی حیزبی ئێمە لە سۆسیالیزمی مەوجود بریتی بوو لەوە کە لە سۆسیالیزمی مەوجود دا توخمی دێموکڕاسی غایبە، شتێک کە دواتر گلاسنۆست و پرۆسترویکای گۆرباچۆف ئەو ڕاستیەی پشت ڕاست کردەوە.

بۆ یە لەکاتێکدا کە چەپی ئێران و دونیا لە ژێرباری ڕووخانی سۆسیالیزمی مەوجوودا تاسابوو، حیزب زوو هەڵوێستی خۆی لەوبارەوە ڕوونکردەوە.
ئەوە سۆسێلیزم نیە کە وەک بەرنامەو سیستەمێک شکاوە، ئەوە ڕێگاو میتۆدێک بوو کە بۆگەیشتن بەسۆسیالیزم لە کردەوەدا

ناکارا هاتۆدەر. عەدالەتی کۆمەڵایەتی و سۆسیالیزم بە ماهیەتێکی دیمکراتیکەوە ئامانجی بەرزی ئینسانین و چارەنوسی مرۆڤایەتین. بۆیەشە حیزبی ئێمە لەبەرنامەی خۆیدا سۆۆسیالیزمی وەک ئامانجی دوارۆژی خۆی گونجاندوە.

لەو بارەوە لە نێو هەموو هێزە ئێرانی و کوردستانی و ناوچەییەکان دا حیزبی ئێمە پیش هەموان ساخ بووە وە. ئەوەش حیزبی لەباری سیاسی و فکری و تیئۆریکەوە هێندەی دیکەش بە هێز و پتەوکرد. ڕۆژنامەی کەیهانی لەندەن کە لایەن ڕێژیمەوە بڵاو دەکرایەوە لەوبارەوە نووسی: هەڵوێستی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە شکانی سۆسیالیزمی مەوجوود وەک ئەوەوایە کە دەگوترێ حەسەن نەدەچۆ مەدرسە، ئەگەر دەشچوو ڕۆژانی جومعە دەچوو. مەبەستیان ئەوەبوو کە ئێستا کە هەموو دونیا پشتی لە سۆسیالیزم کردوە و چەپی دونیا تاساوە، حیزبی دێموکراتی کوردسانی ئێران هێشتاش هەر دیفاع لە سۆسیالیزم دەکا.

شایانی باسە کە هەر ئەوەم حیزب پێی لەسەر مەحکووم کردنی نیزامی سەرمایەداری داگرتەوە و بە سیستەمێکی ناعادلانەو چەوسێنەری لەقەڵەم دا. دواتر و ئیدی ئێستا بەتەواوی ڕاستی و درووستی ئەو هەوڵوێستەی حیزب دەرکەوتووە. حیزب نەک بەرەولای ڕاست وەرنەسوڕا، بەڵکوو ڕای گەیاند کە ئەوەی ڕووی داوە ئەزموونی هەوڵ و تێکۆشانی مرۆڤایەتی پێشکەوتنخواز بۆ گەیشتین بە نیزامێکی عادلانەتر و ئینسانی تردەوڵەمەندتر دەکات. دوکتۆر سەعید دەڵێ ئیمە سەبارەت بەداهاتووی چەپ خۆشبینین، دەبێ چەپێ ئێران بەخۆی دا بیتەوە و دەتوانێ ببێتە جێگای ئومێد.

## مەسەلەی میللی یا کێشەی نەتەوایەتی

سیاسەتی ئەسڵی حیزب لەو قۆناخەشدا بە پێی ئوسوڵ بریتی بوو لە پێداگرتن لەسەر حەقانیەتی خەباتی گەڵی کورد و گەلانی دیکەی ئێران لە پێناو مەفەنەتەوایەتیەکانیاندا.

کاک دوکتۆر سەعید کێشەی نەتەوایەتی لە کوردستاندا وەک کێشەی بنەرێتی کوردستان دەناسی و هەر ئاواشی لە قەڵەم دەدا.

## لەو پێوەندیەدا حیزب دەبوایە بەرانبەر بە دوودەستە و ڕەوتی جیاواز ڕاوەستابا.

ئەوانەی حاشایان لەبوونی گەلانی ئێران و ستەمی نەتەوایەتی لە ئێران دا دەکرد. هەروەها ئەوانەش کە بە بەبیانووی مەسەلەی دێموکراسی مەسەلەی دیکەی وەک مەسڵەحەتی خەبات وتێکۆشان دژی ڕێژیم دەیانەویست کیشەی نەتەوایەتی

بخەنە بن لیچ و بخرێتە پشت گوێ. کاک سەعید هەمیشە لە دەستەی نوسەرانی کوردستان و لە ڕادیۆدا داوای لە ئێمە دەکرد کە دەبێ پێ لەسەر ئەوە دابگرین کە کێشەی نەتەوایەتی دینامیزمی بزووتنەوەی کوردستانە.

کۆتایی شەڕی سارد و ڕووخانی سۆڤییەت بوو بە سەرەتای گەلێک ئاڵووگۆڕی تازە، زۆر ولاتی تازە درووست بوون و گەلیک گەل و نەتەوە توانیان سەربۆخۆیی خۆیان وەدەست بێنن. لەوەش زیاتر بووە هۆی گەشەی بزووتنەوە نەتەوایەتی لە زۆر بەی ولاتان و ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا. ئەوە لەلایەک هێزو گوڕ و تینی دەدایە بزووتنەوەی کورد بەگشتی و خەباتی حیزبی ئێمە بەتایبەتی، بەڵام هەر ئەو دیاردەیە لەلایەکی دیکەوە زەندەقی هێزە بەڕواڵەت میللی و سیاسی و دێموکراتیەکانی ئێرانی بردبوو.

بە دامەزرانی پارلەمانی کوردستانی عێراق، شوێنیزمی ئێرانی و فاشیزمی فارس کێچیان کەوتە کەوڵی و دەستیان دایە هێرش و پەلامارێکی نەدیتراو بۆسەر بزووتنەوەی کورد بەگشتی و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە تایبەتی. سەڵتەنەت خوازەکان، بەناو جمهوری خوازەکان، نیمروز، کەیهانی لەندەن و دەیان درودەستەی دیکەی بەناو ئۆپۆزسیۆن دەستیان کرد بە هێرش بۆسەر کوردو کوردستان و هەموو زەرادخانەی فکری و تیئوریکی خۆیان وەرێخست. جارێکی دیکەش تێزە سواوە لەباوکەوتووەکانی سەردەمی شەڕی سارد واتە تەواویەتی ئەرزی و حاکمییەتی میللیان هینانەوە بەرباس. داوایان دەکرد کە چارەنوسی سیاسی کوردستان بدرێتە دەست مەجلیسی موئەسەسان، یان ڕیفراندۆمی قانوونی ئەساسی. داواین دەکرد بزووتنەوەی کوردستان لەژێر بچێتە ژێر سەرکردایەتی ئەوان. حیزب بەگشتی بە ڕێنوێنی کاک سەعید بەتووندی بەرانبەر ئەوە ڕاوەستا و پێی لەسەر حەقانییەتی داخوازەڕەواکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران داگرتەوە. حیزب پێی لەسەر ئەوە داگرت کە لە پێوەندیی دەگەڵ چارەنووسی کوردستاندا گەلی کورد بۆخۆی و لە کوردستاندا بڕیاردەدا. ڕێفڕاندۆم لەسەر مەسەلە گستیەکان دەکرێ،ئەو مەسەلانەی پێوەندیان بە کوردستانەوە هەیە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە بڕیاریان لەسەر دەدرێ.

ڕاستە لە ئێراندا مێژوویەکی هاوبەشمان هەیەو گەلانی ئێران پێکەوە ژیاون بەڵام ئەوە بەومانایە نیە کە هەتاهەتایە هەرئاوا دەبێ و حەقیان نیە چارەنووسی سیاسی و ڕێگای گەشەی خۆیان هەڵبژێرن. دونیا لە گۆڕان دایە. پێکەوە ژیان تەنیا لە ڕێگای لێک تێگەیشتن ئیمکانی هەیە نەک لە ڕێگای زۆرەملی و سەرکوت و زەبروزەنگ.

ئۆپۆزسیۆنی ئێران فشاری خستبووە سەر حیزب کە لە ژێر چەتری دێموکراسیخوازیدا لە دەوری ئەوان کۆبینەوە. حیزب ڕایگەیاند کە بزووتنەوەی کورد هیچکات مل بۆ ئەو جۆرە شانتاژ و پاڵەپەستۆیانە نەوی ناکات. لەو پێوەندیەدا حیزب چوار مەرجی بنەڕەتی دیاری کردن کە ئێستاش هەر لە جێگای خۆیانن و خەتی سیاسی حیزب لەو پێوەندیەدا دیاری دەکەن.



سەرچاوە
Serchawe

دێموکراسی، چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی، دابین و دەستەبەرکردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی ، لابردنی تەبعیزو هەڵاواردن و جیاوازی دانان لەسەر ژنان، کەمایەتیە مەزهەبی و ئایینیەکان و هتد.

## پرۆسەی ئاشتی

حیزب هەر لەوکاتەدا کە خۆشحاڵی خۆی لە سەرهەڵدان و چوونەپێشی پرۆسەی ئاشتی لە ناوچەو دونیادا دەربڕی، ڕاشی گەیاند کە بەبێ چارەسەری کێشەی کورد لە ناوچەکەدا و بەبێ چارەسەری کێشەی گەلانی چەوساوە و ژێرچەپۆکە، بەبێ دابینکردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و لە نێوبردنی هەڵاواردن و جیاوازی دانان، ئاشتی هەرگیز و لە هیچ کوێ سەقامگیر نابێت. کاک سەعید لە ڕاپۆرتی خۆیدا بۆ کۆنگرەی نۆهەمیێ حیزب گووتی تازە ئەگەر ئاشتیەکی ئاوا داشمەزرێ، وەک خامۆشی قەبرەستانێ پڕمەترسیە. ئاخر گەلانی بن دەست و چین و توێژە زەحمەتکێشەکان لەهەر هەلومەرجێکدا خەبات و تێکۆشانی خۆیان دەبەنە پێش و هیچ هێزێکیش نیە لەو ڕێگایەدا پێشیان پێبگرێ.

**سوپاسی کۆمیتەی تێکۆشەری حیزب دەکەم لە ئاڵمان بۆ ئەوە شانازیەی کە بەمنیان بەخشی تا ئەمڕۆ لەو کۆڕەدا لە خزمەت ئێوەدابم**

**سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدی نەمر دوکتۆر شەرەفکەندی، شەهید کاک فەتاحی عەبدولی و شەهید کاک هۆمایۆنی ئەردەلان و شەهید کاک نوری دهکوری.**

٣١ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

---

**ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**گەلاوێژی ٢٧٢٤ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٤ی زایینی**

---



سەرچاوە Serchawe



# سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێ برایم لاجانی بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم بابەتە بەنرخە.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی

